# نهێنییەکانی شا و فرەح

**رانانی: سەروەر ئەمین**

فەرەح پەهلەوی شاژنی ئێران کۆی نهێنیەکانی ژیانی خۆی و سەردەمی حوکمرانیان لە ئێران لە دوو توێی کتێبێکی (510) لاپەرەییدا باسکردووەو مەجیدی مارابیش کردوویەتی بە کوردی و چاپخانەی گەنج لە چاپیداوەو یەکێکە لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی رێنما.

خانمی پەهلەوی کۆی یادەوەرییەکانی ژیانی خۆی و هاوسەرو حکومەتی ئێرانی لەم کتێبەدا باسکردووە، ئەگەرچی ئەم باسانەی لەگەڵ رادیۆی (24) سەعاتی لۆس ئەنجلس لەگەڵ حسێن مێهری باسکردووە وەك خۆی دەڵێ "نازانم لە کوێی ژیانمەوە دەستێبکەم و چی بڵێم".

خانمی پەهلەوی سەرەتا باس لە خەونەکانی منداڵی خۆی دەکات و هەرچی منداڵێکی ئاسایی حەزی لێدەکات، ئەمیش هەر بەو شێوەیە گوزارشتی لێ دەکات، دواتر دێتە سەر باسی ئەو ساڵەی کە رێگای ئاسن بنیاتنرا و، دواتر ئاماژە بە مردنی باوکی دەکات وەکو خەمێکی هەتاهەتایی هەروەها دواتر دێتە سەر ژیانی ئاسایی خۆی لە ئێران و دەڵێ "هیچ کات ژیانی تارانم پێخۆش نەبووە، ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە خانمی پەهلەوی ئەندازیاری کار شیتکت بووە لە زانکۆی پاریس، تەنانەت لە جێگەیەکدا دەڵێ"ئێرانیەکان ئەگەرچی لە ئەدەبیات و شیعر هونەردا خاوەن بەهرەن، بەڵام لە هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بووندا زۆر نەزان و نەشارەزان، بۆیە پێیوایە یەکێك لە چارە رەشیەکانی ئێران هەڵکەوتەی سروشت و جوگرافی بوو، تەنانەت دەڵێ "چەند جارێك حەمەرەزا شا چەند دەیوت چی دەبوو، ئەگەر ئێران دراوسێی نەمسا یان فەرەنسا یان هۆڵندا بوایە دەڵێ بەداخەوە قەومە دواکەوتوەکانی عەرەب و ئەفغان و تورك و تەتەر چوار دەوری ئێرانیان تەنیوە و بەدرێژایی مێژوو ئێران گۆرەپانی رمبازی و پەلاماری ئەو گەلە دڕندانە بووە".

لە بەشێکی دیکەی ئەم کتێبەدا فەرەح خانم باسی ئەو کاتە دەکات کە شوو بە حەمە رەزا دەکات و ئەو ڤێلایەی لە سەعد ئاباد دەیدات بە دایکی، بۆ ئەوەی هەمیشە ئاگایی لە کچەکەی بێت، ئەمە لە کاتێکدا فەرەح ئەوەی نووسیوە کە دەڵێ" هەرکاتێ ئەو ڤێلا جوانەم دەبینی کلۆڵی دایکمم بیر دەهاتەوە کە لە تەبرێز پاش مردنی باوکم، دایکم لە




گەرەکی شەشکەلانی کاری دەکرد، بۆ ئەوەی بژێوی ئێمە دابین بکات.

ئەم کتێبە مێژوویەکی دوورودرێژی دەوڵەتی فارسی تێدایە تا رووخانی رژێمی شا لە ساڵی 1979ز ، تەنانەت هەموو ئەو باس و خواسانەشی لە خۆگرتووە کە باسی سیخوری و پەیوەندییە نهێنیەکان دەکات لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا، تەنانەت ئاماژە بە هەموو ئاڵو وێر و بازرگانی و ئەو سود و قازانج و زیانانەش دەکات، کە دەوڵەتی شای ئەوسای ئێرانی پێدا تێپەریوە.

لە دوابەشەکانی ئەم کتێبەیدا خانمی پەهلەوی باسی ژیانی تاراوگە دەکات و ژیانی دەرەوەی تاران و ئێران دەکات وەك ئەوەی نهێنییەك نەمێنێتەوە لە ژیانی حوکمرانیان و ژیانی دوای بەجێهێشتنی ئەو وڵاتە، بۆیە ئەم کتێبە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە و بۆ ئاشنابوون بە نیو سەدە لە مێژووی دەوڵەتی فارسی.